# ڕەنگ لەهونەری شیعری شێرکۆ بێکەس دا


م. شیرین سەعید محەمەد
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو


**پێشەکی/**

لەئەدەبی کۆن و نوێی کوردیدا ڕەنگ جێی سەرنج و تێڕامانی شاعیران بووە، بەڵام ئەوەی لای شێرکۆ بێکەس دەگوزەرێ جیاوازە لەشاعیرانی تر و بەتایبەتی لەقەسیدەی (ڕەنگدان)دا. لەم شاکارەدا توانا و سەلیقەی شیعری زۆر لە ئاستێکی بەرزدا بەدیار دەکەوێ.

قەسیدەی (ڕەنگدان) کەشکۆڵ و پانوراماییەکی سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەوارییە و ڕەنگیش بۆتە کەرەستە و فەرهەنگێك بۆ ئەو ڕۆژگارە . . هەر بۆیە ئەم بابەتەمان کردە ناونیشانی توێژینەوەکەمان، کەخۆی لەدوو بەشی سەرەکیدا دەبینێتەوە، بەشی یەکەم/ لەسێ تەوەرە پێکهاتووە کەلەچەمك و پێناسە و مێژووی ڕەنگ دەدوێ، هەروەها کاریگەریی ڕەنگ لەسەر ژیانی مرۆڤ و، ڕەنگ لەڕوانگەی شاعیران و هونەرمەندانەوە.

بەشی دووەم/ پەیوەندی بەهونەری شیعری شاعیرانەوەیە، کەچۆن کاریان لەسەر ڕەنگ کردووە، ئەویش لەچوار تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە. لەباسی یەکەم کورتەیەك لەژیانی شاعیر، باسی دووەم کارکردنی شاعیر لەسەر ڕەنگ، باسی سێەم شێرکۆ بێکەس و قەسیدەی ڕەنگدان و تەوەرەی کۆتایش ڕەنگەکانی ناو ڕەنگدان دەخرێتە ڕوو.

ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ کورتەیەك بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە بەردەست.

**بەشی یەکەم**

**ڕەنگ و کاریگەری لەسەر شاعیران و هونەرمەندان**

**تەوەری یەکەم/ پێناسە و چەمکی ڕەنگ**

لەپێناسەکردنی ڕەنگدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ژمارەیەك لەسەرچاوەی زانستی، لەم ڕووەشەوە بۆچونەکان سەبارەت بەڕەنگ لای پسپۆڕان توێژینەوەی هونەریی جیاوازیان بۆکراوە. بۆ وێنە یەك لەسەرچاوە ئەکادیمییەکان بەمجۆرە پێناسەی ڕەنگی کردووە:((لێکدانەوەی بینایی مرۆڤە بەرامبەر جیاکردنەوەی شەبەنگەکان، ناوێکە بۆ سەرجەم تیشکە بینراوەکان (سوور، زەرد، شین . . . هتد)، ڕەنگەکان بەگوێرەی لەرەلەری شەپۆلی کارۆموگناتیسی جیادەکرێنەوە، ڕەنگ مادەیەکی

دیاریکراوە کاتێك دەردەکەوێت کەئەو مادەیە هەموو شەپۆلەکانی دیکەی ڕوناکییە سپییەکە دەمژێت و تەنها ڕەنگی دیاریکراوی خۆی دەداتەوە، بۆیە ئێمە بەڕەنگی دیاریکراو دەیبینین))[1].بەلام لای زانایانی سروشت:((ڕەنگ دیاردەیەکی فیزیاییە و ڕۆشنایی بینراوەکانی سروشت سەرچاوە سەرەکیەکان پێکدەهێنن، چاویش هۆکاری بینینیەتی))[2]. وێڕای ئەوە، هەندێکی تر ڕەنگ دەشوبهێنن بەزمان بۆ گەیاندنی مانا و مەبەست، شێرکۆ بێکەس لەسەر بیرکردنەوەی جیاوازی مرۆڤەکان پێناسەی ڕەنگ دەکات و دەڵێت:

ڕەنگ بیرکردنەوەی جیاوازی ناو دنیایە و
ڕەنگ لەیەك نەچوونی بینینە و
ڕەنگ گۆڕانە لەمانادا و
ڕەنگ گەڕانە بەکیشوەری هێماکاندا
نەڕەنگ لەزایین دەکەوێ و نەوشەی من[3]

واتە مرۆڤەکان بیرکردنەوەیان چونیەك نین، هەروەها ڕوانینیشیان بۆ ژیان هاوشێوە نییە. مرۆڤ هەمیشە لەهەوڵی تێگەیشتنی هێماکانە. ڕەنگ هۆکارن بۆ گەیاندنی ماناکان و واتای گۆڕانی ژیانمان دەداتێ، نهێنییەکانمان پێدەڵێن.

ڕەنگ ئاماژەیەکی دیاریکراوی نییە لەبەرئەوەی ڕەنگ ناجێگیرە و گۆڕاوە، ماڵێکی نییە بۆ سەردان و ناوێکی نییە بۆ ناسین، ئەوەندە نیسبیە دەتوانین دنیایەك گفتوگۆی لەسەر بکەین[4].هەروەها دەکرێ بووترێ کە ((ڕەنگ سیفەتێك نیە لەسیفەتەکانی جەستەی مرۆڤ، بەڵکو ئاکامی هەستپێکردنی چاوە بۆ شەپۆلە جیاوازەکان))[5].

پێناسەیەکی تری ڕەنگ وەك شیعر ئاماژەی پێکراوە کاتێك دەوترێ:((ڕەنگ شیعرێکی بێدەنگە))[6]. بەو مانایەی شیعرێك لەتابلۆیەکی شێوەکاریدا دەخوێنینەوە لەڕێگەی ڕەنگەکانەوە، هەروەها تابلۆی شیعری و تابلۆی شێوەکاری تەنها لەڕووی کەرەستەوە جیاوازن. شاعیرێکی یۆنانی ئەو بۆچونەی سەرەوە بەمجۆرە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: ((وێنە هۆنراوەیەکی بێدەنگە ،بەلام هۆنراوە وێنەیەکی دەنگدارە))[7].

سروشت کانگای ڕەنگەکانە بۆ مرۆڤ، چونکە ((سروشت بۆخۆی ئیستاتیکای هونەرە، بەهۆی جۆراوجۆری ڕەنگەکانەوە))[8]، هەر یەکێك لەو ڕەنگانە تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ گەیاندنی چێژ، واتا ((ڕەنگ بۆی هەیە لەزەتێکی هەستیمان بداتێ . . دیمەنی سروشت بەسنور نییە،

(1) ماڵپەڕی ویکیپیدیا Wikipedeia.org

(2) قادر میرخان، گۆڤاری ئایینده، تیڕوانینێکی شێوەکارانە بۆ ڕەنگدان، ژ ٨، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٨٢.

(3) شێرکۆ بێکەس، قەسیدەی ڕەنگدان، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، ٢٠٠١، ل١٤.

(4) ئاوات محەمەد، گۆڤاری ئایینده، ڕەنگدان و پێکهاتەی ڕەنگ و ئاستی شیعریەت لەپانتایی قەسیدەکەدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژ٢٨، ٢٠٠٢، ل٧٤.

(5) محي الدين طالو، الرسم واللون، ط٣، ١٩٦٩، ص١٦٢.

(6) محي الدين طالو، الرسم واللون، ط٣، ١٩٦٩، ص١٦١.

(7) ماڵپەڕی ستار تایمز Startimes.com

(8) ئاودێر عوسمان، گۆڤاری ڕامان، ماهیەتی ڕەنگەکان و پەیوەندیان بەژیانەوە، ژ٧٤، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٤٤.

هەموو دەمێ ئەو ڕەنگاوڕەنگییەی تێدا هەیە کە ئازادییەکی زۆر دەدات بەچاو تا ڕەگەزەکانی هەڵبژێرێت لە (پۆلی) دیاریکراودا لەگەڵ یەکتردا ڕیزیان بکات))[٩].

**تەوەری دووەم/ مێژووی ڕەنگ و کاریگەریی لەژیانی مرۆڤدا**

ڕەنگ پانتاییەکی فراوانی ژیانی مرۆڤی داگیرکردووە و جێگەی بایەخی مرۆڤ بووە، کاتێك خۆی ناسیوە ڕەنگیشی ناسیوە، ڕەنگ لەو جێگایانەدا هەبوە کەژیانی مرۆڤی لێبووە[١٠].

ژینگەی مرۆڤ و ئەو سروشتەی کەتێیدا ژیاوە پڕبووە لەڕەنگەکان و بەهۆی هەستی بینینەوە درکی پێکردون، لەخۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوندا، لەڕەنگی چیا و دۆڵ و شینایی دەریا و پەلکەزێڕینەدا، ڕەنگەکان خۆیان نواندووە و ئیدی مرۆڤ لەهەوڵی تێگەیشتنی نهێنییەکانی سروشتدا بوون بۆ تێگەیشتن لەهێماکانی ڕەنگ جیاوازی لەنێوان میلەتەکاندا هەیە، بۆ نموونە لەنەریتی دانیشتوانی هیندستان کاتێ کەسێکی ئازیزیان لەدەستدەدەن ڕەنگی سپی دەپۆشن، بەڵام ڕەنگی سپی ڕەنگی ئاشتی و پاکییە لای هەندێ لەمیلەتەکانی تری دونیا. ڕەنگی ڕەش لای موسوڵمانە شیعە مەزهەبەکان ڕێزێکی تایبەتی هەیە کەپەیوەندی هەیە بەمێژووی ڕێبازەکەیانەوە، بەڵام ڕەنگی ڕەش لای هەندێکی تر، ڕەنگی خەم و تاریکی و پەژارەیە.

هیندیەکانی ڕۆژئاوای کیشوەری ئەمەریکا لەنەریتێکی تایبەت بەخۆیان، ساڵانە باج دەدەنە پیاوانی ئاین کەپێکهاتوە لەحەوت ڕەنگی دەنکە گەنم هەر دەنکێك تایبەت بوە بەخواوەندێك هەر خواوەندێکیش بەهەسارەیەك[١١].

میسرییە کۆنەکانیش لەگەڵ مردوەکانیاندا بەردێکی سەوزیان داناوە بۆ کردنەوەی دەمی مردوەکە و گەڕانەوەی بۆ ژیان و قسەکردن، هەروەها بەردێکی سووریان لەتەنیشتیەوە داناوە بۆئەوەی خوێنی پێببەخشێ[١٢]. ئەمە ئاماژەیە بۆئەوەی کەمرۆڤ زۆر لەمێژەوە گرنگی بەڕەنگ داوە و بەکاریهێناوە، لەبۆنە ئاینیەکاندا بێت یان لەبۆنەیەکی تردا کەتایبەت بەژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمە بوبێت.

لەڕۆژگاری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییدا، ڕەنگ هێما و واتای گرنگی بەخشیوەتە خەڵك، بۆنمونە: ((ڕەنگی شین هێما بوە بۆ زەوی، ڕەنگی سوور هێما بوە بۆ ئاگر، ڕەنگی سەوز بۆ ئاو، زەردیش بۆ هەوا)).

(لیۆنارد داڤنشی) لەسەدەی پانزەهەمدا سەبارەت بەزەرد و ئاگری سوور و ئاوی سەوز و هەوای شین دواوە[١٣]. بۆ کەسایەتی هەڵکەوتووی بواری شێوەکاری وەك (لیۆنارد داڤنشی)، ڕەنگ بەهایەکی بەرز و بەنرخی هەبوە، هەموو ئەو ڕەنگانەی کاری لەسەر کردوون لەسروشتەوە وەریگرتوون،

---

(٩) کەمال مەمەند میراودەلی، ئیستاتیکا (فەلسەفەی جوانی و هونەر)، چ١، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل٣٦٠.

(١٠) کاظم حیدر، التخطیط والألوان، دائرة التعلیم العالي والنتائج العلمي، جامعة بغداد، ص١٩٥.

(١١) خوان ئیدواردو سیرلوت، گۆڤاری شێوەکاری، ڕەنگ لەفەرهەنگی سیمبۆڵدا، ژ٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٣، ل٤١.

(١٢) کاظم حیدر، التخطیط والألوان، دائرة التعلیم العالي والنتائج العلمي، جامعة بغداد، ص١٩٤.

(١٣) نفس المصدر، ص١٩٧.

لەهەمانکاتدا کار و بەرهەمە هونەرییەکانی وەك شانازییەك بۆ خەڵکی وڵاتەکەی جێهێشتوە و مۆزەخانەکانی پێ دەوڵەمەند کردووە.

کوردیش لەگەڵ ڕەنگدا پەیوەندیەکی لەمێژینەی هەیە، کورد میلەتێکی چیانشینە و کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵین، هەر بۆیە زۆرترین مامەڵەیان لەگەڵ سروشت و خاکدا بووە[١٤].ئەو کەلوپەلانەی بەکاریانهێناوە بۆ کشتوکاڵ بەڕەنگ نەخشاندویانن، بۆنمونە، ((پاشماوە دێرینەکانی ناوچەی (چەرمۆ))) کەهەندێکیان بەڕەنگی سوور ڕەنگکراون زیاتر کەلوپەلی کشتوکاڵین، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەگەلی کورد پێشەنگ بوون لەبواری کشتوکاڵدا، بەکارهێنانی ڕەنگی جیاواز لەدروستکردنی نەخشونیگاری سەر گۆزە و دیزە، نیشانەی سەلیقە و توانای هونەری مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕەنگ.

لەدروستکردنی فەرش و ڕایەخدا گەلێك ڕەنگی سەرنجڕاکێشیان بەکارهێناوە، ئەمە جێگەی سەرنج و تێبینی ڕۆژهەڵاتناسان و لێکۆڵەرانی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی بووە[١٥].

کەواتە پەیوەندی مرۆڤ و ڕەنگ مێژوویەکی کۆنیان هەیە و لەگەڵ بەرەوپێشچونی ژیان و بونیادنانی شارستانێتی گەلاندا بەها و بایەخی زۆرتربووە، لەبەرئەوەی کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵگە داناوە و لەبورەکانی ((زمانەوانی و ڕامیاری و هونەری . . .)) سوودیان لێوەرگرتوە.

هەروەها لای زۆرینەی گەلانی دونیا، ڕەنگەکان هێمان بۆ گەیاندنی واتا و مەبەست، کاتێك ڕەنگی سووریان لەڕۆژگاری خەبات و ڕاپەڕین و شۆڕشەکاندا بەکارهێناوە.

ڕەنگی سپی هێما بوە بۆ ئاشتی و تەبایی ،بەڵام ڕەنگی ڕەش هێما بوە بۆ خەم و پەژارە و نەهامەتییەکانی ژیان. ڕەنگەکانی تریش ڕۆڵی خۆیان هەبوە، هەر دەستە و گروپ و تاقمێك بۆ کاری سیاسی و دروستکردنی دروشم و لۆگۆ ڕەنگیان بەکارهێناوە لەمێژووی خەباتی پارتەکەیان یان ڕێکخراوەکەیان جێگیریان کردووە.

## تەوەری سێیەم/ ڕەنگ لەڕوانگەی شاعیران و هونەرمەندانەوە

پێشتر ئاماژەمان بەپەیوەندییە کۆنەکانی مرۆڤ و ڕەنگدا، کەچۆن ڕەنگ کاریگەریی زۆری لەژیانی کۆمەڵگەدا هەبووە بەتایبەتی لەبواری هونەریی و ئەدەبییدا ڕەنگ کەرەستەیەکی گرنگ و جێی بایەخ بووە.

شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی دۆستایەتیی و هاوڕێیەتیی زۆری لەگەڵ ڕەنگ بووە و لەگەڵیدا ژیاوە و مامەڵەی لەگەڵ کردوە، تا بەیەکەوە گەیشتونەتە لوتکە و لەئاکامدا شاکارێك بەرهەمهات بەناوی (ڕەنگدان) و چووە ناو گەنجینەی ئەدەبیاتی کوردییەوە، هەر بۆیە دەڵێت: ((هونەرمەندی شێوەکار هەست و سۆز و ئیحساسات و ڕوانین و فکر و خولیای دەروونیی خۆی و دەرەوەی خۆی، بەهۆی ڕەنگەوە، هێڵەوە، ڕوناکی و سێبەر، بۆشایی و ڕوبەر و ئاوێتەکردنی

---

([١٤]) مستەفا زەنگەنە، ڕەنگ لەزمانی کوردیدا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٢، ل١٤.

([١٥]) شۆڕش و کامەران، گۆڤاری ئایندە، دەمەتەقێی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند ڕێبوار سەعید، ژ٥٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٤، ل١٠٨.

هــەمویان دەردەبــڕێ، لەدوایــدا ئــەو هــەموو ئەندێشــە و خولیــا و خەیاڵاتــە دەبنــە تابلۆیــەك و چوارچێوەیەکی گەورە یان بچوك ئەو وێنەیە دەگرێتە خۆی. لای شاعیریش هەمان ئەو خولیا و خەیاڵانـە بنـەمان و لەڕێگـەی (زمـان)ەوە، بـەهۆی یـەکگرتنی حـەرف و وشـە و ڕسـتەوە، دەچـنە سـەر کاغـەز و دەبـن بەشـیعر، ئـەویان بـەڕەش و سـپی یـان ڕەنگـاوڕەنگ وێنـەکانی دەکێشـێ و شـاعیریش بەوشە))[١٦].

هونەرمەند و شاعیر دونیایـەك دروست دەکـەن کـەپڕن لـەواتا و فـۆرم، مانـا و دەلالـەتی نـوێ دەدەنـە ئەو شتانەی کەلای کەسانی ئاسایی ئـەو واتایـەی نـەبێت و بـەکارێکی سوریالی تێدەگـەن. بـەکارهێنانی ڕەنگەکان پێدانی واتایە بەڕەنگەکان. ((ڕەنگەکان واتایـان نیـە بـەڵکو ئێمـە واتامـان پێبەخشیون))[١٧]. ڕەنـگ لەشـیعردا کەرەسـتەیەکی تایبـەتی دەربڕینـە، شـاعیر بەهەسـت و خـەیاڵی شـاعیرانەی ڕەنگمـان پێدەناسـێنێ، کاتێـك ((ڕەهەنـدەکانی ڕەنـگ لەشـیعردا تەنانـەت هـەر یـەك ڕەنگیشـی پـەلوپۆدارتر و تەفسیرکردنیشیان هەمیشە زیاد لەیەك مانـای بـاوترە، ئەمـە مانـای وا نییـە، بەنموونـە ڕەنگـی سـوور لەتابلۆیەکدا لای شێوەکار هەر سوورباوەکە بێـت، دەلالـەتی تـری پـێ نەبینێتـەوە. بـەڵام ئـەو وەختـەی ئـەم سـوورە زمـانی مـەجازی شـیعر بەسـەد بـاردا دەیهێنـێ و دەیبـا هـەم کـاری شـێوەکاریش دەکـا و لەهەمانکاتدا مەودای گەلێك جیاوازی تریش لەبەردەم ئەو ڕەنگەدا دەکاتەوە))[١٨].

شاعیر دەبێـت نـاوی ڕەنگەکان بێنێـت و بەووردیاییەوە لەسـەر کاغـەز تۆماریـان بکـا و واتایـان بـداتێ. لێرەدا هەسـتی بیسـتن کـاری بینینـیش دەکـات، چـونکە ڕەنگەکان پەیوەنـدییان بەهەسـت و یادەوەریـە خۆش و ناخۆشەکانەوە هەیە. ((ڕەنـگ لەمێشـکدا مانـای ڕوون و جـێگیری هەیـە وەکـو بـوونی پیتـەکان لەمێشکدا و لەخەیاڵی مرۆڤدا))[١٩].

لەڕاستیدا ((ڕەنگ لای شاعیر ئەم مەساحە بـێ ئەنـدازە گـەورە و بەرفراوانـە تەنانـەت بـێ کۆتاییـەیـە، دیارە ئەمەش لەوزەی ئەو خەیاڵەدایە کەزمانی مەجاز و وێناکردن فەزایەتی))[٢٠].

لای شاعیران خەیاڵ زاڵە و کاتێـك دەیـەوێت ڕەنـگ بخاتـە نێـو دێڕەکانی شیعریەوە ڕەنـگ ڕادەگرێـت، لەسـەری دەوەسـتێت، تـا ئەوکاتـەی بڕیـار دەدات کـەی و لـەکوێ و بۆچـی بـەکاری بهێنێـت، (گـۆران)ی شاعیر دەڵێت:

لەهەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان

ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان[٢١]

شـاعیر ڕەنگێکـی سـپی بـەگوێی خوێنـەردا داوە، ئـەویش ڕەنگـی هەسـتە، بـەڵام واتـادار بـەواتای بێگەردی و ئەوەش (هەستێکی سپی)یە، دەکرێـت هـەمان هەسـتی شاعیرانە لەجێگەیـەکی تـر ڕەنگێکـی تـری پێببەخشـرێ. هـەر بۆیـە هونەرمەنـد و شـاعیر خـۆی دەبێتـە وەسـتای ڕەنـگ و ڕەنگـەکان

---

(١٦) یاسین عومەر، ئەزموون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠١، ل١٣٥.

(١٧) مستەفا زەنگەنە، میهرەجانی مەحوی، چاپخانەی هەولێر، چ١، ٢٠٠١، ل١٤٢.

(١٨) گۆڤاری شیعرستان، ڕەنگ ئەژەنرێ، گۆڤاری ئایینده دەریدەکات، ژ٨، ل٤٣.

(١٩) کاظم حیدر، التخطیط والألوان، دائرة التعلیم العالي والنتائج العلمي، جامعة بغداد، ص١١.

(٢٠) گۆڤاری شیعرستان، ڕەنگ ئەژەنرێ، گۆڤاری ئایینده دەریدەکات، ژ٨، ل٤٣.

(٢١) فاضل مجید، سروشت لەشیعری گۆراندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠، ل١٣٨.

دەگرێتەوە و لەشوێنێکدا جێگیری دەکات کەوێنەکە بدات و مەبەستەکە بپێکێ. لەژینگەی (دڵشاد مەریوانی)دا ڕەنگ گرێدراوی شوێنە و کاتێکیش دەبێت بەوشە دەچێتە سەر کاغەز، مانا و مەغزاکانی دەردەکەون، کاتێك دەڵێت:

ڕەنگ ناتوانێت ڕابکا
گرێدراوە بەشوێنەوە
لەکتێبدا
ڕەنگ دەڕژێتە ناو مەعنا و
مەغزا و
هێماوە[٢٢]

ڕەنگەکان لەڕوانگەی هونەرمەندان و شاعیرانەوە جیاوازە، بەراوورد بەکەسانی ئاسایی. لەبەرئەوەی بەواتای جیاواز و ڕەنگی جیاواز بەکاریان دێنن و لێیان دەڕوانن، بەختیار مستەفا دەڵێت: ((هەندێجار وشەیەك ڕەنگێکم بەبیردا دێنێ، بەپێچەوانەوە هەندێجار ڕەنگێك ڕۆمانێکی بەوشە نوسراوم بەبیردا دێنێ))[٢٣].

**بەشی دووەم**

## کارکردنی شێرکۆ بێکەس لەسەر ڕەنگ

### تەوەری یەکەم/ مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ ڕەنگ

لەئەزمونی شیعری شێرکۆ بێکەسدا کارکردن لەسەر ڕەنگ نوێ نیە، لەپانتایەکی گەورەی شیعری ئەودا جێی بۆتەوە. لەبەرهەمەکانی پێش ڕەنگداندا کاری لەسەر کردووە و کەرەستەی شیعری شێرکۆ بوون، بەڵام لەقەسیدەی ڕەنگداندا جگە لەوەی وەك زاراوەیەك بەمانا گشتگیرەکەی بەکارهاتووە، بەڵکو بەواتا و دەلالەتی نوێوە خۆی دەرخستووە. شاعیر لەم بەرهەمەیدا وەك شارەزایەکی بواری ڕەنگ خۆی دەناسێنێ و دەڵێت:

من حیکایەتخوانی ڕەنگم
من لەدەفری ئەم دیوانە تازەیەدا
ڕەنگی تازەی قەت نەبینراو ئەگرمەوە[٢٤]

لێرەدا کارامەیی و شارەزایی خۆی نیشان دەدات بەوەی کەڕەنگێك بەرهەمدێنێ لەدەفری دیوانەکەیدا، کەهەتا ئێستا نەبینراوە. ڕەنگی نوێمان دەداتێ لەڕێگەی ڕەنگەوە، نیازی خۆی و ستاتیکای ئاشکرا دەکات، وێنەکانی بەخێرایی بەرەو هێماکانی دەڕوات. بەتابلۆ شیعریەکانی ڕەنگی دیرۆکێکی پڕ ئازارمان نیشان دەدات، ڕەنگی خۆشەویستی و ئەوینمان پێدەڵێ.((وشەسازی و وێنە و

(٢٢) دڵشاد عەبدوڵا، گۆڤاری ئایندە، سپی لەو دیو ڕەنگەکاندا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژ٥١، ٢٠٠٣، ل٨٥..

(٢٣) تەلعەت تاهیر، گۆڤاری ئایندە، بەختیار مستەفا لەڕابردووی خۆی و ئایندەی نیگارکێشان دەدوێت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژ١٥، ل١٠٩.

(٢٤) شێرکۆ بێکەس، قەسیدەی ڕەنگدان، چ١، چاپخانەی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٠.

خەیاڵ کەپێکهاتەی شاعیرن بەردەوام وەکو نان و ئاو و هەوا))[٢٥] بوون هەر بۆیە لەسەفەری درێژی شیعریدا هەموو شتەکان دەکاتە ڕێباز و ڕێگەی پەڕینەوەی گەیاندنی مەبەستی، بەڕەنگ ڕۆژگاری دورودرێژی پڕ ئازار و تراژیدیای نەتەوەکەی دەگێڕێتەوە، غوربەت و دورەوڵاتی لەگەڵ نیشتیمان بەیەك ئاشنا دەکاتەوە. بەم جۆرە ئەو دۆخە وەسف دەکات و دەڵێت:

بەڕەنگ دۆزەخ و دیرۆکم لەیەکتری جویێ ئەکەمەوە
بەڕەنگ نامۆیی و نیشتیمانم بەیەکەوە ئەبەستمەوە[٢٦]

شاعیر بەرامبەر بەنیشتیمان و دیرۆکی، خۆی بەبەرپرس زانیوە، هەمیشە بەئاگاوە ئامادەبووە، دەڵێت:((لەو ساتەوەختانەدا نیشتیمان داوای نوسینیان لێکردووم من هاوڕێی ڕۆژگارەکانی ئەم خاکە بووم، هاوڕێی ئازار و ئاواتەکانیان کەئازار و ئاواتی خودی خۆیشم بوون، بەردەوام بەزیندویی لەبیرەوەریمدا ئەمێنێتەوە))[٢٧].

بەڕەنگ خەمی کۆمەڵگە و خەمی کەلتوری سەپێنراوی داگیرکەرانمان بۆ باس دەکات، خەمی منداڵ و خەمی مافی پێشێلکراوی ژنانی وڵاتەکەی بەکۆڵەوەیە و لێی جیانابێتەوە، ئەو کەلتورە بیابانییە ڕەتدەکاتەوە کەچەندین سەدەیە وەك جەللادێك ژیانی ژنانی وڵاتەکەی و ژنانی ڕۆژهەڵاتی خستۆتە دۆخێکی مەترسیدارەوە. لەم تابلۆ شیعریەدا وێنەی ئەو بێباکییەی دەسەڵات و کۆمەڵگە نیشان دەدات کاتێك بکوژانی ژن بێ سڵەمینەوە گیانی ژنێك دەکێشن و هیچ سزایەکیش نادرێن. بەمجۆرە باس دەکات و دەڵێت:

دویێ شەو مانگ کەوتە دەریاچەی (دوکان)ەوە
کەس نەیزانی
ئەوینێکی سەوز خنکا و
ئاوازێکی سپی مرد و . . کەس نەیزانی
مانگ کەوت بەسەر نیشتیماندا و
نیشتیمان دانەچڵەکی و
مێژووش خەبەری نەبوەوە و کەس نەیزانی[٢٨]

لێرەدا دەردەکەوێ کەمەبەستی شێرکۆ لەنیشتیمانێکی پیاوسالارییە و نێرینە سەردەستە و خاوەندارە، ئەوینە سەوزەکان، ئاوازە سپییەکان، کەمەبەست لێی ژنانی وڵاتەکەیەتی دەمرن و دەخنکێن و نیشتیمان داناچڵەکێ، هەر بۆیە شاعیر لەهەوڵی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگەکەیدایە و لەهەوڵی ئەوەدایە کەڕزگاریان بێ لەو کەلتورە نامۆیەی لەئاکامی داگیرکاری خاك و نیشتیمانەوە، گەلی کورد ئەم نەریتە نامرۆڤانەیەی ناسیوە. بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو کەلتورە دەڵێت:

---

([٢٥]) قادر میرخان، گۆڤاری ئایندە، تێڕوانینێکی شێوەکارانە بۆ ڕەنگدان، ژ ٢٨، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢، ل٨٢.

([٢٦]) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل١٧٤.

([٢٧]) شێرزاد حەسەن و . . ئەوانی تر، تیرێژەکان و شیعری شێرکۆ بێکەس، لێکۆڵینەوە، چ١، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٩٧.

([٢٨]) شێرکۆ بێکەس، نسێ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٠٣.

من بەفرێکی ڕەش هەڵگەڕاوی
یاخی بوم و . . لەسورەتەکانی
خوای بیابان جیابوومەوە
داربەڕووە هەرەپیرەکانی
شەوگار
منیان نوسیەوە[٢٩]

**تەوەری دووەم/ شێرکۆ بێکەس و قەسیدەی ڕەنگدان**

شێرکۆ بێکەس وەك شاعیرێکی هاوچەرخ ڕێچکە و ڕێبازی تایبەت بەخۆی هەبوە و هەمیشە هەموو دێڕێك یان وێنەیەکی شیعریی و بەرهەمی ئەدەبی شێرکۆ جیا دەکرێتەوە لەبەرهەمی سەرجەم شاعیرانی تر. لەکاتێکدا زۆر لەبەرهەمە شیعریەکانی لەچەند وڵاتێکی جیهاندا خراونەتە پرۆگرامی خوێندنەوە.

قەسیدەی ڕەنگدان یەکێکی ترە لەشاکارەکانی شێرکۆ بێکەس و((یەکێکە لەکارە ناوازەکانی شاعیر لەئەزموونە جیاوازەکانی، بۆ زەخیرەی ئەدەبی کوردی و دەوڵەمەندکردنی پڕ بایەخە))[٣٠].لێرەدا وەك شێوەکار خۆی دەرخستوە و کاری لەسەر ڕەنگ کردوە، یەکەم دێڕی ئەم قەسیدەیە لەساڵی (٢٠٠٠ز) لەسلێمانی نوسیوە و دەڵێت: ((ماوەیەك وازم لێهێنا لەتاران چەند لاپەڕەیەکم لێ نوسی بەڵام بەئیقاعێکی ئێجگار خاو، هەستم کرد خۆم تووشی ڕەوەزێکی عاسی کردوە، ناچاربووم ئەو چەند لاپەڕەیە ڕەش بکەمەوە. دوایی گەڕامەوە سەری کەڕەنگ ئەژەنرێ؟ بەواتایەکی تر ئەکرێ بەڕەنگ و ئاواز؟ ئەی بۆ لەم ڕێیەوە نەچمە ناو ڕەنگەکانەوە؟ لێرەوە ئیتر ڕەنگم بەسەردا باری و فەزایەکی بەرینی شیعرم لەبەرچاوکرایەوە))[٣١].

کاتێك ڕوودەکاتە وڵاتی سوید لەشاری ستۆکهۆڵم، لەو چایخانەیەی بەشێکی زۆری قەسیدەی (خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێك)ی تیا نووسیوە دەستیکردۆتەوە بەنوسینی (ڕەنگدان)، ڕەنگەکانی لێ ئامادەکردوە و لەدوتوێی کتێبێکدا شاکارێکی لێ بەرهەمهێناوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لەناونیشانی (ڕەنگدان)دا نیشتیمانی ڕەنگەکانم دێتە پێش چاو، ئەو شوێنەی کەژیان و بەردەوامبوونی ڕەنگی تێدایە بەهەموو هەڵچوون و داچوون و ڕەنگدانەوە و جوڵییەکانیەوە))[٣٢].

بۆ ئەم مەبەستە دەڵێت:
ئەم ئێوارەیە وا هاتووم
لێرە ببم بەشمشاڵ ڕەنگ بژەنم

---

([٢٩]) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل١٢.
([٣٠]) قادر میرخان، گۆڤاری ئاییندە، تێڕوانینێکی شێوەکارانە بۆ ڕەنگدان، ژ ٢٨، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٨٢.
([٣١]) شیعرستان، ڕەنگ ئەژەنرێ، گۆڤاری ئاییندە دەریدەکات، ژ٨، ل٤٢.
([٣٢]) هەمان سەرچاوە، ل٤٥.

ڕەنگ، ڕەنگ، ڕەنگ، ڕەنگ
کێ ئەتوانێ ڕەنگ بژەنێ؟ من ئەیژەنم![33]

هەوڵیداوە زۆرینەی ڕەنگەکان بەکاربێنێت لەڕەنگدانەکەیدا، سەردانی زۆربەی ڕەنگەکانی کردووە، شاعیر خۆی بەحیکایەتخوانی ڕەنگ دەزانێ، چیرۆکی ڕەنگ دەگێڕێتەوە و باسی ڕابردوو دەکات، پرسیار دەکات و دەمانوەستێنێ لەبەردەم ڕەنگدا، ڕەنگمان بۆ بەجێدێڵێ، هەر بەڕەنگ چیرۆکی گریانی مناڵ و هاواری ژنان و ئازاری ئەنفال و ئاوارەیی و کیمیابارانمان پێدەڵێ، هەموو کارەسات و تراژیدیای کوردمان بەبیر دێنێتەوە کاتێك دەڵێت:

من حیکایەتخوانی ڕەنگم، چیرۆکی ڕەنگ ئەگێڕمەوە
هەتاکو دایکم نەناسی تۆ ڕەنگی ڕەش ناناسی و
لەهێماکانی ڕەش تێناگەی، شەوت بۆ ناخوێنرێتەوە
هەتاکو خاکم نەناسی تۆ ڕەنگی سوور ناناسیت و
لەنهێنی سوور تێناگەیت و خوێنت بۆ ناخوێنرێتەوە
تا بێدەنگی و تا تەنیایی و هەتا غەریبی نەناسیت
ڕەنگی بێکەسی ناناسیت و
کورد ناناسی و
خوات بۆ ناخوێنرێتەوە[34]

بۆ مەبەستی بەکارهێنانی ڕەنگەکانی دەڵێت:((من ڕەنگرێژیم بۆ نەکردووە کەتەنها سنوور لەناو ڕەنگەکاندا بکێشم، ڕەنگەکان پردن بۆ پەڕینەوەی هەموو هەستونەستێکی دیکەم))[35].توانای شیعری خۆی ئاشکرا دەکات کاتێك باس لەگۆڕینی ڕەنگی شیعر دەکا، بەڕەنگێ کەهەرگیز زمان نەیدیبێ و کاغەز خەوی پێوە نەبینیبێ. ئەگەر ئەوەی بۆ نەکرا ئەوا ئەو ڕەنگانە بەجێدێڵێ . . . کاتێك دەڵێت:

من ئەمجارەیان ڕەنگی شیعرم ئەگۆڕم
بەڕەنگێ زمان نەیدیبێ
وشە هەرگیز تیا نەفڕیبێ و
کاغەز خەوی پێوە نەبینیبێ
یان نانووسم و ئەو ڕەنگە کۆن و زەقانە
هەر بۆ شاعیری خومخانە بەجێی دێڵم[36]

شێرکۆ بێکەس بۆچونی وایە کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا کارێکی بەرچاو نەکراوە لەسەر ڕەنگ، دەڵێت:((لەجیهانی ڕەنگەکاندا لەهەندێ ئاماژەی کەم بەولاوە هەتا ئێستا لەشیعر و ئەدەبی کوردیدا

---

([33]) شێرکۆ بێکەس، قەسیدەی ڕەنگدان، چ١، چاپخانەی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٣.
([34]) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل٢٠.
([35]) شیعرستان، ڕەنگ ئەژەنرێ، گۆڤاری ئایینده دەریدەکات، ژ٨، ل٤٤.
([36]) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل١٧٤.

ئاوڕیـان لێنەدراوەتـەوە، یـان نـەبوون بـەو کەرەسـتانەی کەشـاعیر بتوانێـت دەلالـەتی تازەیـان تیـا بدۆزێتەوە. بەکورتی کارکردن لەناو یەك ڕەنگدا بیـنین سنوردار دەکات، خۆشەویستی یـەك ڕەنگـیش لەخۆشەویسـتی ڕەنگـەکانی ترمـان دوور دەخاتـەوە. بـەپیتی وبەرەکـەتیش هەمیشـە لەهەمەڕەنگیدایە))[٣٧].

هـەر لـەم قەسـیدەیەدا شـاعیر مـەلی خـەیالی دەگەڕێتـەوە سـەردەمی منـدالی و ئـەو ڕۆژگارانـە بەتابلۆیـەکی ڕەنگاوڕەنگ نیشان دەدات، کەچۆن ڕۆژگـارێکی پـڕ تـرس و هەمیشـە پرسـیارە زۆرەکـان بیر و هزریـان داگیرکردبـوو ئـەمیش سـەرقاڵ بـووە بۆ بەدەسـتکەوتنی وەڵامـەکان، بەمشێوەیە باسـی ئەو سەردەمە دەکات و دەڵێت:

ئەشێ لای تۆ (شین) هەر ڕەنگی هەڵفڕین و
شەقژن بێت، ڕەنگی بەرزی و ڕەنگی باڵی ئەسپی زەریا و
ڕەنگی نەینۆکی ساماڵ و ڕەنگی نیگاکانی ئەوین بێ
کەچی لای من هەر ئەو ڕەنگە
ئەبێ بەڕەنگی ترساوی منالیم و ڕەنگی پرسیاری
ناو سەرم و گیر ئەخوات و وەك ئەستێرە
لەژوورێکدا حەپس ئەکرێ[٣٨]

شـاعیر بـۆ قەسـیدەکەی ژمارەیـەکی بەرچـاوی لـەو ڕەنگانـە بـەکارهێناوە کـەخۆی دروسـتیکردوون و لەڕەنگدانەکەیـدا ئامـادەیکردوون و وێنـەکانی پـێ ڕەنگانـدوون (ڕەنگـی ترسـاو، ڕەنگـی بکوژ، ڕەنگـی پرسیار، ڕەنگی گومان) و هەندێکی تر. وەك چۆن لێرەدا نیشانیان دەدات و دەڵێت:

من ئێستا لەهەڕەتی ڕەنگی پرسیار و ڕاماندام
من لەتافی دڵەڕاوکێی ناو ڕەنگەکانی گوماندام[٣٩]
یان دەڵێت:
من ڕەنگێکی ترسنۆك نیم . . . بەڵام هەڵدێم
هەڵدێم لەڕەنگی بکوژی ڕەنگدانی خۆم[٤٠]

## تەوەری چوارەم/ ڕەنگەکانی ناو قەسیدەی ڕەنگدان

ڕەنگـدان، ڕاسـتەوخۆ خوێنـەر دەباتـە نـاو جیهـانی ڕەنگەکانـەوە، ڕەنگـی نـوێ و ژمارەیـەك وێنـە و ئـاوازی جـوان دەبەخشـێ بـەجۆرێك کەڕەنگـەکان خۆیـان دەدوێـن و واتـا و دەلالـەتی تـازە دروسـت دەکەن.

(٣٧) شیعرستان، هەمان سەرچاوە، ل٤٤.
(٣٨) شێرکۆ بێکەس، قەسیدەی ڕەنگدان، چ١، چاپخانەی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٩٧.
(٣٩) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل٢١١.
(٤٠) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل١٧٤.

کارکردنی شاعیر لەم بوارەدا ئاماژەیە بۆئەوەی بمانباتە ناو فەزا ڕەنگاڵەیەکەی خۆی و نەمری ببەخشێتە قەسیدەکەی و بەزیندوویی بیهێڵێتەوە، وەك چۆن دەڵێت:((ڕەنگم لەبەر ڕەنگ خۆشویست و ئەو دەلالەتانەشم خۆشویستووە کەلەپشت هەموویانەوە هەن، ئەگەر مەسەلەش نەمری بێت، چاکتر وایە بڵێم من مەبەستم لەزیندوویی و بەردەوامی قەسیدەکەیە))[٤١].

کاتێك بانگمان دەکات بۆ ناو ڕەنگەکانی و دەڵێت:

وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە

ڕەنگم هێشتا هەر گڤەی دێ و ئێوەش دارستانی ئەون

ڕەنگم هێشتا هەر هاژەی دێ و هەر شەپۆلان ئەداتەوە

ئێوەش هەموو چراکانی ئەون[٤٢]

لێرەدا ئاماژە بەژمارەیەك لەو ڕەنگانە دەکەین کەشاعیر لەقەسیدەکەیدا کاری لەسەرکردوون:

١-ڕەنگی گەرم و ڕەنگی سارد:

مەبەست لەڕەنگە گەرمەکان: سوور، پرتەقاڵی، زەرد، پرتەقاڵی سوورباو . . بۆیە پێیاندەوترێت ڕەنگە گەرمەکان، چونکە مەیلی ڕوناکی و ڕەنگی ئاگر دەکەن کەسەرچاوەی گەرمییە و ڕەنگە ساردەکانیش بریتین لە: شین، سەوز، زەیتونی، مۆری کاڵ . . . ڕەنگە گەرمەکان جوڵێنەر و وروژێنەرن، ڕەنگە فێنکەکان هێمنکەرەوە و دامرکێنەرن، کێشی ڕەنگی گەرم قورسترە، بەڵام ڕەنگە سارد و فێنکەکان سووکن[٤٣].

لەقەسیدەی ڕەنگداندا ڕەنگە گەرمەکان پەیوەندیەکی تەواویان هەیە لەگەڵ تراژیدیا و کارەساتەکانی کەبەسەر گەلی کوردا هاتوون، وەك لێرەدا دەڵێت:

وەرزی دەسەڵاتی سوور بوو

دونیا بوو بوو بەسوورستان

شینێك ویستی بەشەقامی سووردا بڕوات

پەیڤێکی شین هەڵفڕێنێ و

هەر بۆ شەوێ لەپێچێکدا شینیان گرت و

لەناو ئاگرێکی سووردا ئەویان سوتان[٤٤]

ڕەنگە ساردەکانیش شوێنیان دیارە لەقەسیدەی ڕەنگداندا وەك لێرەدا دەردەکەوێت:

لەبەر تیشکی مانگەشەوێ

لەئەوینم وردبیتەوە، ڕەنگێکی

سادەی مۆری کاڵ بەدی ئەکەیت

ڕەنگێکی هێدی و لەسەرخۆ

(٤١) شعرستان، ڕەنگ ئەژەنرێ، گۆڤاری ئایینده دەریدەکات، ژ٨، ل٤٤.

(٤٢) شێرکۆ بێکەس، قەسیدەی ڕەنگدان، چ١، چاپخانەی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٦٩.

(٤٣) مستەفا زەنگەنە، ڕەنگەکان لەزمانی کوردیدا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٥٦.

(٤٤) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل١٧٤.

ڕەنگێکی پڕ لەتریفە
ئەوە ڕەنگی یەکەم کچە کەخۆشمویست
ڕەنگێ کەڕەنگی چاویشمە ڕەنگی دەنگمە
ڕەنگی بۆنمە، نیازی نییە هەرگیز ڕۆژێ
یادگاری خۆی جێبێڵێ
یان پێم بڵێ کۆتاییم هات(٤٥)

شاعیر ڕەنگە فێنکەکانی خۆشدەوێت، لەشوێنێکدا بەکاریهێناون کەهیواکانی لەگەڵدان، بەڕەنگە هێمنەکان باسی خۆشەویستی و پاکی و بێگەردی دەکات، لەڕووی دەروونییەوە ئارامە و لەسەرخۆ، گرژیی و ئاڵۆزی لێی دوورکەوتۆتەوە. ڕەنگی خۆشەویستیەکەی دەبینێ کەمۆری کاڵە.

٢-ڕەنگی پۆزەتیف و ڕەنگی نێگەتیف:

ڕەنگی (سپی، مۆری کاڵ، سەوز، زەردی کاڵ . . .) بەڕەنگە پۆزەتیفەکان ناسراون، هەروەها ڕەنگی (ڕەش، سوور، مۆری تۆخ، زەرد . . .) بەڕەنگە نێگەتیفەکان ناودەبرێن، شاعیر بەمجۆرە کاری لەسەرکردوون، لەیادی نەکردوون، ڕەنگی پۆزەتیفی (کەسك) بەواتای ژیان و بەردەوامی بەکاریهێناوە و دەڵێت:

لەلای (کەسك)ەوە سنەوبەرێ میوانم بوو
مژدەیەکی لەش پاراو و هەرزەکار بوو
گیرفانی پڕ بوو لەبەهار(٤٦)

ئەمەش نمونەیەك لەتابلۆکانی، کاتێك ڕەنگی نێگەتیفی بۆ بەکارهێناوە و دەڵێت:

من لەسووری تۆخ ئەترسم
بەڵام چیبکەم لەوەی کەدیم
بەڵام چیبکەم لەنیشتیمانی ناو خوێناو
ئەو هەموو شیعرەی پێنوسیم(٤٧)

٣-ڕەنگی شێرکۆیی:

هەندێ ڕەنگ هەن تەنها لەزمانی شیعری شێرکۆ بێکەسدا دەبینرێ، ئەویش ئەو ڕەنگانەن کەپێیان دەوترێ ڕەنگی شێرکۆیی، ئەو ڕەنگانەن لەتابلۆ شیعریەکانیدا دەردەکەون، وەك: (ڕەنگی زوڵم، ڕەنگی مەرگ، ڕەنگی ئەنفال، ڕەنگی برسی، ڕەنگی شۆڕش، ڕەنگی ئەوین . . .) و دەڵێت:

---

(٤٥) شێرکۆ بێکەس، قەسیدەی ڕەنگدان، چ١، چاپخانەی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٩٨.

(٤٦) شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

(٤٧) هەمان سەرچاوە، ل١١٨.

لەهەر شوێنێ لەڕەنگی زوڵمی دنیادا لەهەر شوێنێ
ئەو وەختەی کەسێك بکوژرێ
من لێرە باخی سپیم هەناسەیەك هەڵئەکێشێ و
سەرتاپای بەژنی سوور ئەبێ[٤٨]

شاعیر لەو ڕەنگانەی خۆی دێنێت و تێکەڵ بەیەکتریان دەکات و لەئاکامدا ڕەنگێك بەرهەمدێت کەڕەنگی خۆشەویستیە بۆ پەیداکردنی ئەو ڕەنگە دەڵێت:
لەپێکێکدا ڕەنگی شیعر و ڕەنگی شەراب و ڕەنگی ژن و
ڕەنگی مۆسیقام کرد بەسەریەکدا، لەدواییدا ڕەنگێ
لەدایك بوو تازە ناوم نا (ڕەنگی ئەوین)[٤٩]

٤- ڕەنگە سەرەکییەکان:

ڕەنگە سەرەکییەکان بریتین لەڕەنگی (شین، سوور، زەرد، . . .). ئەم ڕەنگانە پێیان دەوترێ سەرەکی لەبەرئەوەی لەئاکامی تێکەڵکردنی ڕەنگەکان پەیدا نابن، بەڵکو لەتێکەڵکردنی ئەم ڕەنگانە سەرەکیانە ڕەنگی نوێ بەرهەمدێت.
کاتێك ئەم ڕەنگە سەرەکیانە بەکاردێنێت، دەڵێت:
هەر وەختێکیش سوورم ژەنی
من بووم بەزارگەلی ئەو مێژووەی
دەنکەدەنکە تەرزەی سوور، نمە نمە ژانی سوور و
وشە وشە ڕەنگی سوور و، من هەلاڵەم تیا ئەبارێت[٥٠]

٥-ڕەنگی ڕەش وسپی :

ڕەنگی ڕەش پانتایەکی فراوانی لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا داگیرکردوە، لەبەرئەوەی شیعری شێرکۆ سەربوردەی گەلێکی خێر نەدیوە و هەمیشە لەململانێدایە لەگەڵ نەهامەتیەکانی ژیانی، هێمای ئەم دیرۆکە پڕ تراژیدیایە ڕەنگی ڕەشە، بەڵام لێرەدا هەر ئەو ڕەشەی کردۆتە بەر خۆشەویستەکەی و ڕەنگەکە بەجوانی دەبینێ، پێشتر ڕەنگی ڕەش ڕەنگی نائومێدی و ڕەشبینی بوو، لێرەدا جیاواز دەردەکەوێت، وەختێك دەڵێت:
ئەشێ ڕەنگی ڕەش ببێ بەڕەنگی
مەرگی باخچە و ڕەنگی گریان و تابوتی سەرنجدان و
پرسەی ئاو و لاواندنەوەی گوڵەباخ و
تارمایی ژین . . .

(٤٨) هەمان سەرچاوە، ل١٩٢.
(٤٩) هەمان سەرچاوە، ل١٣٧.
(٥٠) **هەمان سەرچاوە، ل٢١٤.**

کەچی لای من هەر ئەو ڕەنگە
ئەبێ بەجوانترین ڕەنگی پرشنگداری دەم بەخەندە
ئەبێ بەشەوی مۆسیقا و بەرگی بەفر و
بەخوێنی گەرمی خەمێکی شێوە شیرین
وەختێ یارم گوڵی سپیم
تاریکیەك لەبەردەکا و ڕەش ئەپۆشێ[51]

٦-ئەو ڕەنگانەی واتاکانیان پێچەوانە دەبنەوە لای شاعیر:

شێرکۆ بێکەس بەجۆرێك کاری لەسەر ڕەنگ کردوە کەهەندێجار واتاکانیان پێچەوانە دەبنەوە، ڕەنگەکە پێشتر بەواتایەك بەکارهاتووە، بەڵام ئێستا پێچەوانەکەی دەبینرێت، وەك لەم دێڕە شیعرەدا دەردەکەوێت، دەڵێت:

ئەشێ ئازارێك سپی بێت و گوڵزارێك ڕەش
من هەندێ جار ڕەشەکانم پێ ئەکەنن سپیم ئەگری[52]

ڕەنگی مۆریش بەر لەئێستا ڕەنگی خۆشەویستەکەی بوو، ڕەنگی ئارامی و ڕەنگی ژووان بوو، بەڵام هەر هەمان ڕەنگ بوو بەڕەنگی ئازار. ئەو ڕەنگەی شاعیر بەر لەهەموو کەسێکی تر دەیبینێ و هەست بەژانی دەکات ئەویش ئازاری خنکاندنی ئازادی ژنانە لەکوردستان و ڕۆژهەڵاتدا، دەڵێت:

شەوێك مۆر لەباخەڵما نووست
تا بەیانی من هەر خەوم بەپەڵەی مۆری سەر لەشی
ژنەکانی ڕۆژهەڵات و بەماڵی کوردەوە دەبینی[53]

ماوەتە بڵێین شێرکۆ بێکەس لەتەمەنی شیعری خۆیدا ڕەنگی زۆر خۆشویستووە و بەئاگاییەوە دەستی بۆ ڕەنگەکان بردووە و بەسەلیقەیەکی شیعری بەرزەوە لەتابلۆکانیدا بەکاریهێناون، بەتایبەتی لەقەسیدەی (ڕەنگدان)دا.

(51) شێرکۆ بێکەس، قەسیدەی ڕەنگدان، چ١، چاپخانەی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٤٤.
(52) شێرکۆ بێکەس، قەسیدەی ڕەنگدان، چ١، چاپخانەی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٢٧.
(53) هەمان سەرچاوە، ل٢١٨.

## ئەنجام

دەكرێ لێرەدا ئەنجامی ئەم نووسینە لەچەند خاڵێكدا بخەینە بەردەست:

١-ڕەنگ پێشینەیەكی مێژوویی دوورودرێژی لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا هەیە و بووەتە بەشێكی گرنگ لەژیانیدا. لەبەرئەوەی ژیانی مرۆڤ بۆخۆی سەرچاوەی سروشتە و بەهەمان شێوە ڕەنگەكانیش.

٢-چێژی ڕەنگ لەتابلۆیەكی شێوەكاریدا هەمان چێژی ڕەنگی دەبێت لەتابلۆیەكی شیعری و ئەدەبیدا.

٣-لای شاعیرانی كورد ڕەنگ كەرەستەیەك بووە لەشیعرەكانیاندا، بەڵام بەواتا گشتگیرەكەی بەكاریان هێناوە لەبەرهەمە ئەدەبی و شیعرەكانیاندا.

٤-كاركردنی شاعیر لەسەر ڕەنگ و بەتایبەتی لەقەسیدەی ڕەنگداندا داهێنانی شیعری نوێی كردووە و ڕەنگی نەبینراوی بەرهەمهێناوە.

٥-لەڕووی واتا و هێماوە ڕەنگەكان لای زۆربەی میللەتان وەك یەكن ئەگەرچی لەهەندێ ڕەنگدا جیاوازی هەن.

## سەرچاوەكان

### كوردییەكان


١ بێستون، ڕووبەڕوو لەسێبەری چیادا، چ١، چاپخانەی زانكۆی سلێمانی، ١٩٧٩.

٢ شێرزاد حەسەن و . . ئەوانی تر، تیرێژەكان و شیعری شێركۆ بێكەس، چ١، سلێمانی، ١٩٩٩.

٣ شێركۆ بێكەس، خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێك، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٨.

٤ شێركۆ بێكەس، من تینوێتیم بەگڕ ئەشكێ، چ١، چاپخانەی الحكومە، ١٩٧٤.

٥ شێركۆ بێكەس، دیوانی شێركۆ بێكەس، چ١، چاپخانەی بابان، ١٩٩٣.

٦ شێركۆ بێكەس، قەسیدەی ڕەنگدان، چاپخانەی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، ٢٠٠١.

٧ شێركۆ بێكەس، نسێ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٩.

٨ فاضل مجید، سروشت لەشیعری گۆراندا، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠.

٩ كەمال مەمەند میراودەلی، ئیستاتیكا (فەلسەفەی جوانی و هونەر)، چ١، چاپخانەی زانكۆی سلێمانی، ١٩٧٩.

١٠ مەستەفا زەنگەنە، ڕەنگەكان لەزمانی كوردیدا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

١١ مەستەفا زەنگەنە، میهرەجانی مەحوی، چ١، چاپخانەی هەولێر، ٢٠٠١.

١٢ یاسین عومەر، ئەزموون، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.


### عەرەبییەكان

١ کاظم حیدر، التخطیط والألوان، دائرة التعلیم العالي والنتاج العلمي، جامعة بغداد.
٢ محي الدین طالو، الرسم واللون، ط٣، ١٩٦٩.

**گۆڤارەکان**

١ ئـاودێر عوسمـان، گۆڤـاری ڕامـان، ماهیـەتی ڕەنگـەکان و پەیوەنـدییان بەژیانـەوە، ژ٧٤، ناوەندی ڕۆشنبیری گوڵان، هەولێر، ٢٠٠٢.
٢ ئاوات محەمەد، گۆڤاری ئایینده، ڕەنگدان و پێکهاتەی ڕەنگ و ئاستی شیعریەت لەپانتایی قەسیدەکەدا، ژ٨، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢.
٣ قوبادی جەلی زادە، تەلعەت تاهیر، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ڕووبەڕوو لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، ژ١٠، ١٩٩٨.
٤ قادر میرخان، گۆڤاری ئایینده، تێڕوانینێکی شێوەکارانە بۆ ڕەنگدان، ژ٨، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢.
٥ شۆڕش و کامەران، گۆڤـاری ئاییـنـده، دەمەتـەقێی بـەرفراوان لەگـەڵ هونەرمەنـد ڕێبـوار سەعید، ژ٥٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٤.
٦ شیعرستان، دەنگ ئەژەنرێ، گۆڤاری ئایینده دەریدەکات، ژ٨.
٧ دڵشـاد عەبـدوڵڵا، گۆڤـاری ئاییـنـده، سـپی لـەودیو ڕەنگەکانـدا، ژ٥١، دەزگای چـاپ و پەخشـی سەردەم، ٢٠٠٣.
٨ خـوان ئیـدواردو سیرلوت، گۆڤـاری شـێوەکاری، ڕەنـگ لەفەرهـەنگی سـیمبوڵدا، چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ژ٣، ٢٠٠٣.
٩ تەلعـەت تـاهیر، گۆڤـاری ئاییـنـده، بـەختیار مسـتەفا لـەڕابردووی خـۆی و ئاینـدەی نیگارکێشان دەدوێت، ژ١٥، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠.
١٠ بەختیار عەلی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ململانێی ژیان و مەرگ لـەخاچ و مـار و ڕۆژمێـری شاعیرێکدا، ژ٧، ١٩٩٨.

**ماڵپەرەکان**

١ ستار تایمز Startimes.com
٢ ویکیپیدیا Wikipedia.org

## ملخص البحث

كان لون دائما محط الأنظار والتأمل عند الشعراء الكورد في الأدب الكردي الكلاسيكي والحديث، لكن اللون له مكانة مختلفة عند (شيركو بيكس) مقارنة بالشعراء الآخرين، خصوصا في قصيدة (ڕەنگدان)، إذ استطاع في رائعته هذا أن يظهر فقدمته الشعرية بشكل مذهل ومستوى رفيع.

تعتبر قصيدة (ڕەنگدان) بانوراما سياسية فكرية واجتماعية للمجتمع الكردي، وأصبح اللون وسيلة وأداة وقاموس لتلك الأيام، وتلك الأهمية دفعتنا للاختيار هذا العنوان لبحثنا، المقسم على محورين رئيسيين، المحور الأول تقسم إلى ثلاثة مباحث ونوضح فيهم المفهوم والتعاريف وتأريخ اللون، وتحدثنا في المباحث الثلاثة عن تأثير اللون على حياة الإنسان وتفسير اللون في منظور الشعراء والفنانين.

المحور الثاني/ تحدثنا في هذا الفصل عن الفن الشعري لدى الشاعر، وكيف عمل على اللون وقد قسمنا إلى أربعة مباحث، تناولنا في المبحث الأول نبذة مختصرة عن حياة الشاعر، ومن ثم تعامله مع اللون، أما المبحث الثالث فكان مخصصا لـ (شێرکۆ بێکەس) وقصيدة (ڕەنگدان)، في المبحث الرابع والأخير تحدثنا عن الألوان الموجودة في (ڕەنگدان).

في كتابة بحثنا هذا أفادتنا العديد من المصادر الموثوقة العلمية والأكاديمية، منها على سبيل المثال: (الرسم واللون، محي الدين طالو) ، (التخطيط والألوان، كاظم حيدر)، (ڕەنگەکان لەزمانی کوردیدا، مستەفا زەنگەنە)، (ڕووبەڕوو لەسێبەری چیادا، بێستون)، اضافة الى عدد أخر من المصادر الموثوقة والمؤلفات الشعرية للشاعر نفسه.

# Colors in Sherko Bekas's Art of Poems

## Introduction

In both old and contemporary Kurdish literature, the poets paid much attention to the colors. But what Sherko Bekas (as a Kurdish poet) did in this regard is quite different from the others, especially in his reputable book of poems (the crucible of the colors).

This poet appears to be talented and so intelligent in the invention of this great book of him.

The verse of (the crucible of the colors) as a container and as a panoramic political, social and intellectual view to the Kurdish society. It also can be seen as an encyclopedia to its history thus we chose this topic to be discussed in this research consists of two main chapters, the first has three axes concerning the concept, definitions and the history of the colors, with the effects of the colors on the life of human beings, and the colors from the view of the poets and the artists.

The second chapter is related to the poetic views of Sherko about the colors, how he dealt with them? This chapter consists of four axes, supplemented by a short biography of the poet and his way of dealing with the colors. Then all those colors which are mentioned in this book by the poet are listed consequently to be discussed.

For the purposes of this research many sources are used, all of them are highly related to the subject, for instance (Altruism waelawn, Muhyddin), (Colors in Kurdish language, by Mostafa Zangana) and (Face to face in the shadow on the mountain, by Bestoon).

Some other sources are used all pf them evaluate the poet's heritage from a critical point of view.